ROJî GEI , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

ژووانگه

# وڵاتی مەلەک چوار پارچەیە



مەلەک رۆژهات خانمە گۆرانیبێژی کورد سترانێکی بەناوی وەلات بە چوار زاراوە سەرەکیەکی کوردی تۆمار کردووە.

گـۆرانی وەلات بـە چـوار زاراوەی (کرمانجی، سۆرانی، هەورامی و زازایی)و بە چوار ئاوازو ریتمی جیاواز تۆمار کراوە.

هەڵبەستڤان سەمیر نزاری تێکستی گۆرانیەکەی بۆ نووسیوە، ئاوازی بڕگەی کرمانجی لەلایەن مەلەک رۆژهاتەوە دانراوە، دکتۆر محەمەد زازاو دارا هەورامی لە بڕگەکانی هەورامی و زازایی هاوکاریان لەگەڵدا کردوە.

مەلەک رۆژهات بەهۆی سترانی وەلاتەوە باس لە جوانی سروشت و رەوشی کوردستان دەکات، شوێنەوارە دێرینەکان لەیەکتریەوە دەئاڵێنێ و شانازی بە وڵاتەکەیەوە دەکات.

بۆ کلیپکردنی گۆرانی وڵات سوود لە دیمەنەکانی دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستان وەرگیراوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو گۆرانیە لەسەر گیرفانی خودی گۆرانیبێژە بەرهەم هێنراوەو هیچ لایەنێک لە رووی ماددیەوە هاوکاری لەگەڵدا نەکردووە.

وەک دەگوترێ کە مەلەک رۆژهات ساڵی 1988 لە دەڤەری وان چاوی بۆ ژیان کردۆتەوەو ساڵی 2003 دەستی بەکاری هونەری کردوە و لە بوارەکەیدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە.

# بانگەوازێک لەشەشەمین ڤێستڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن

خۆمان بە بەختەوەر دەزانین، مژدەی رێکخستنی شەشەمین (فێستیڤاڵی فیلمی کوردی)و دووەمین پێشبڕکێی (یەڵماز گۆننەی بۆ کورتەفیلم)تان لە لەندەن پێ رابگەیەنین کە لە 2009 دا بەرێوەدەچێت. شوێن و کاتی فێستیڤاڵەکە لە داهاتوویەکی نزیکدا رادەگەیەنین.

بەو بۆنەیەوە، ئێمە وەک کۆمیتەی رێکخستنی فێستیڤاڵ، داوا لە هەموو دەرهێنەرە کوردەکان و ناکوردەکانیش دەکەین کە فیلمیان دەربارەی کورد سازداوە، کارەکانیان بنێرن بۆ بەشداریکردن لە بەرنامەی ئەمساڵی فێستیڤاڵەکەماندا. فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، فیلمی درێژخایەن، بەڵگەنامەیی و کورتەفیلمیش کە وەرگێرانی ئینگلیزییان لەسەر بێت پەسەند دەکات. ئێمە دەتوانین بەزۆر شێواز DVD, Mini DV, HD, 35mm و تاد... فیلم نیشان بدەین.

مەرجەکانی وەرگرتنی کۆپیی نیشاندانی سەرەتایی بۆ هەڵبژاردن فیلم تەنها ئەو فیلمانە وەردەگرین کە دەرهێنەرانی کورد لەسەر هەر بابەتێک سازیان کردوون، یاخود ئەوانەی دەرهێنەرانی بیانی لەسەر کورد و ئەو پرس و کێشانەی پەیوەندییان بەکوردەوە هەیە دروستیان کردوون.

جانر (جۆر) هەموو جۆرەفیلمێک، فیلمی درێژخایەن، کورتەفیلم و بەڵگەنامەیی و ئەنیمەیشن دەتوانێت بەشداری بکات.

Mini DV, DV CAM, VHS, DVD قبووڵ دەکرێن.

دەبێت فیلمەکان وەرگێڕانی ئینگلیزییان لەسەر بن. دوامۆڵەت رۆژی 15-7-2009

بەهیوای ئەوەی کە فیلمەکانتان بە دەستمان بگەن و لە کاتی بەرێوەچوونی فێستیڤاڵەکەش بە دیدارتان شاد بین.

# هەتا بدوێی کلیپ دەکات

خانمە گۆرانیبێژ لۆکە زاهیر کە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکەیدا لە وڵاتی سویسرا نیشتەجێیە، لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان گۆرانییەکی بە ناوی (هەتا بدوێی) کلیپ کردووە. ئەم گۆرانییە میلۆدی هەڵکەوت زاهیر و تێکستی (د. ئاراس عەبدولکەریم) و سیناریۆ و کامێرای بۆتان عەبدوڵایە و دلێر عومەر مۆنتاژی کردوە.

سامی کاکە دەریهێناوە، و گۆرانیەکەش بەرهەمی کۆڕەک میوزیکە و بەشی هونەری چوارچرا جێبەجێی کردوە.



وەک ئاشکرابووە یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەلبومەکەی بەناوی (SMS)ە.

**ماڵپەڕی سبەی**

# خەونی گۆرانیبێژێک بەرهەم دەهێنرێ

هونەرمەند پێشرەو نەبەرد بە سایتی **خەونی** گوتوە کەخۆی بۆ وێنەگرتنی کورتە فیلمی (خەونی گۆرانیبێژ) ئامادە دەکات ، فیلمەکە لە نووسین و سیناریۆی برزۆ ئیسماعیل و پێشرەو نەبەردە، هونەرمەندی ناودار ناسرحەسەن دەریدەهێنێ، لەسەر ئەرکی خۆی و بە کامێرای پێشرەو نەبەرد وێنەی دەگیرێ.

ئەو کورتە فیلمە دوای بەرهەمهێنانی تەنها لەفیستیڤاڵە سینەماییە جیهانیەکان دا بەشداری دەکات .

جێی ئاماژەیە فیلمەکە پێشوەختە بۆ بەشداریکردن لە فیستڤاڵی جیهانی داواکراوە.

# خەونی رەنگین و تارمایی ترس

هێشتا چەند رۆژێک ماوە هەڵمەتی پڕوپاگەندە دەست پێبکات، بەڵام لە ئێستادا گەرم و گوڕییەکی زۆر بە خەڵکەوە دیارە، پێدەچی رێژەی بەشداربوون زۆر لەهەڵبژاردنی پێشوو زیاتر بێ.

هەڵبژاردنی ئایندە دنیایەک ئومێدو خەونی رەنگاوڕەنگی لای کوردستانیان دروست کردووە، لەهەمان کاتیشدا سێبەری ترسێکی گەورەشی بەدوای خۆیدا پەلکێش کردووە.

ئومێد و خەونەکان لەسەر گۆڕانکاری بنەڕەتی هەڵچنراون، تا پەرلەمانێکی کاراو چاودێر بەسەر کارەکانی حکومەت بێتە ئاراوە، بە کردەوە نوێنەری تەواوی خەڵک بێ. چیتر رێگە نەدات لە مەکتەبی سیاسی حزبەکانەوە بڕیاریان بۆ دەربچێ، هەر لێرەشدا ترس وەک تارمایی خۆی نمایش دەکات، نەبادا لیستەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا هێرش بکەنە سەر یەکترو راگەیاندنیان برینی کۆن بکولێننەوە، لەئاکامدا کەشێکی نائارام و نەخوازراو دروست بکرێ، ئەو جۆش و خرۆشەی جەماوەر بە بارێکی تردا بگۆڕێت.

ئەوەی لەهەموان ترسناکترە، خوانەخوستە پەسند نەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە!

ئەوانەی کە پێیانوایە ئیتر کوردستان هیچ مەترسیەکی دەرەکی لەسەر نەماوە، بەهەڵە داچوون، چونکە هێشتا کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا یەکلایی نەبۆتەوە، چ جای ئەوانی دەورەبەر، هەرێم لەژێر چاودێری کامێرای ناحەزو دوژمنان دایە. بەوهۆیەوە حکومەتی هەرێم ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە، ئەویش دابینکردنی ئاسایشی پرۆسەی هەڵبژاردنە بۆ هەموو لایەک.

لەلایەکی دیکەشەوە نابێ ئێمەی خەڵک و جەماوەر خۆمان لەو بەرپرسیارێتیە بدزینەوە، دەبێ هەموومان هاوکار بین و بەگیانێکی لەخۆ بردوانەوە بەشداری بکەین و دڵسۆزانە لەخەمی یەکرێزی و تەبایی گەلەکەمان دابین، چونکە تەنیا تەبایی و یەکگرتن بە وێستگەی سەرکەوتنمان دەگەیەنێ.

**سەرنووسەر دەینووسێ**

# فیلمی 'شۆرش و شیرین' خەڵات دەکرێ



رۆژی 7ی ئایار کورتە فیلمێک لەسەر دوو منداڵی کوردبوو، توانی باشترین خەڵات بەدەست بهێنێ.

لە ئاهەنگێکدا لە پەرلەمانی ئەڵمانیادا فیلمی شۆرش و شیرین خەڵاتی لاوانی ئەوروپا کە بە *European Young CÎVÎS Media Prize* ناسراوە، بەدەست دەهێنێ.

نووسەری چیرۆکەکە کوردێکە بەناوی سەرکال کوش کە لە وڵاتی ئەڵمانیادا چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە. هونەرمەندی ئەڵمانی کارتین گێبێ دەریهێناوە.

خەڵاتی *CÎVÎS* کە ساڵانە پێشکەش بە باشترین بەرنامەی رادیۆ، فیلمی تایبەت بە ئاوارەکان و فەرهەنگەکان دەکرێ، ئەمساڵ پێشکەش بە فیلمێک کرا کە تایبەتە بە دوو منداڵی کورد.

فیلمەکە چیرۆکی دوو منداڵە بەناوەکانی شۆرش و شیرین، لە شەڕی عێراقدا دایک و باوکیان ون دەکەن، بەبرینداری دەربازیان دەبێ، رێکخراوێکی خێرخواز هەردوو منداڵەکە دەباتە ئەڵمانیا و بە ژنێکیان دەسپێرێ تا سەرپەرشتیان بکات، دوای ماوەیەک شۆرش دەیەوێ بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە، بەڵام شیرین حەز بە گەڕانەوە ناکات. بۆ ئەو مەبەستە شۆڕش خزمێکی خۆی ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش دەچێتە ئەڵمانیاو دەیەوێ شیرین رازی بکات تا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. پاشان شۆرش دەگاتە ئەو باوەڕەی کە خوشکەکەی لە ئەڵمانیا جێ بهێڵێ و خۆی بگەڕێتەوە وڵات.

شۆرش و شیرین کورتە فیلمێکە باس لە جیاوازی دوو جیهان دەکات و بە دوای ناسنامەدا دەگەڕێ. ماوەی فیلمەکە تەنیا 24 خولەکە، لە راستیشدا نووسەری فیلمەکە خۆی دەڵێ: ' من لەخۆم دەپرسم ئایا جێگەی من لەم جیهانەدا لە کوێیە؟ من کوردم یان ئەڵمانی؟!' ئەمەش بۆتە هەوێن بۆ نووسینی فیلمەکە.

جێگەی ئاماژەیە کە لەسەرانسەری جیهاندا زیاتر لە 500 بەرنامەی رادیۆ و فیلم بەمەبەستی وەرگرتنی خەڵاتی *CÎVÎS*هاتبوون، کە تەنیا حەوتیان خەڵاتیان بەدەست هێنا. شۆرش و شیرین یەکێک بوون لەو حەوتە، نرخی خەڵاتەکەش 5000 ئۆرۆیە، هەر ئەو شەوە کەناڵیARD تەلەفزیۆنی رێورەسمی دابەشکردنی خەڵەتەکەی گواستەوە.

**عامودە کۆم**

# کچا کوردی 'ئاینور دۆغان و ئەژدا پەککان' کێشە بۆ دنیا دەنێتەوە



کچا کورد کە گۆرانییێکی کوردیەو لە هەشتی ئاداری 2009 گۆرانیبێژان، ئاینور دۆغان و ئەژدا پەککان بە هاوبەشی لە ئیستەنبۆڵ گوتوبوویان، هەروەها رادیۆی دنیا پەخشی کردبوو، بەرێوەبەری رادیۆکەی دووچاری دادگەیی کردن کردەوە.

چەند رۆژ دوای بڵاو بوونەوەی ئەو گۆرانیە، لە دادگەی ئەدەنەدا سکالایێک دژ بە محەمەد ئەسلان بەرێوەبەری رادیۆی دنیا تۆمارکرا.

بەپاساوی ئەوەی کە گۆرانی کچا کورد جیاوازی خستۆتە ناو گەلی تورکیا و رادیۆی دنیاش بڵاوی کردۆتەوە، ئیدی داوای زیندانی سێ ساڵ بۆ بەرێوەبەری رادیۆی دنیا کرا.

هەرچەندە کە هیچ سکالایێک لە دژی ئاینور دۆغان و ئەژدا پەککین تۆمار نەکرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە سکالا لە رادیۆی دنیا کراوە، ئەوانیش نیگەران بوون.

دوای دوومانگ مانەوەی ئەو کەیسە لە دادگە، بەرێوەبەری رادیۆی دنیا بێ تاوان ناسێندراو هیچ سزایێکی بۆ دیاری نەکرا.

محەمەد ئەسلان بەرێوەبەری رادیۆی دنیا سەر سوڕمانی خۆی لەو کەیسەدا پێشانداوەو گوتویەتی: لەلایەکەوە پەخشی تەلەفزیۆنی تەرەتە هەشت بە کوردیە، کەچی لەسەر پەخشکردنی گۆرانییێکی کوردی ئێمەیان راپێچی بەردەم دادگە کردو ویستیان سێ ساڵ زیندانیمان بکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەژدا پەککین سترانبێژێکی تورکە، بەڵام هاوسۆزی زۆری لەگەڵ کورددا هەیە.

**کوردۆ**